هاکان فیدان: لە ئایندەی سووریادا جێگەی تیرۆر نابێتەوە

هاکان فیدان، وەزیری دەرەوەی تورکیا رایگەیاند، لە ئایندەی سووریای نوێدا جێگەی تیرۆر نابێتەوە.

وەزیری دەرەوەی تورکیا گوتیشی، "لەبواری بەرەنگاربوونەوەی رێکخراوە تیرۆریستییەکاندا ئەزموونمان هەیە لە هەماهەنگی لەگەڵ وڵاتانی سێیەم، بە بەگەڕخستنی سەرجەم تواناکانمان لەوبارەیەوە ئامادەین".

هاکان فیدان جەختی لە گرنگی بنیاتنانی پرۆسەیەکی گشتگیری سیاسیی لە سووریا کردەوە و گوتی: "کاتی ئەوە هاتووە سەرجەم پێکهاتە ئایینی، تائیفی و مەزهەبییەکان باوەش بە یەکتر بکەنەوە".

شاندێکی باڵای ئیدارەی نوێی سووریا کە لە وەزیرانی دەرەوە، بەرگریی و سەرۆکی دەزگای هەواڵگریی وڵاتەکە پێکهاتبوو چوونە ئەنقەرە و لەگەڵ هەریەک لە رەجەب تەیب ئەردۆغان، سەرۆککۆماری تورکیا، هاکان فیدان، وەزیری دەرەوە و یاشار گولەر، وەزیری بەرگریی تورکیا کۆبوونەوە.